کەسرەت رەسوڵ عەلی: ئاڵای کوردستان شکۆو شانازی هەموو کوردێکە

کەسرەت رەسوڵ عەلی لە رێژی ئاڵادا پەیامێک بۆاودێکاتەوە و رایدەگەیەنێت:"ئاڵای کوردستان، ڕەمزی شکۆو شانازی هەموو کوردێکە، ساڵەها خەبات دەکەین و قوربانی دەدەین لەپێناو شکانەوەی ئەم ئاڵایە".

کەسرەت رەسوڵ عەلی لەدەقی پەیامەکەیدا وتیە"ئاڵای کوردستان، ڕەمزی شکۆو شانازی هەموو کوردێکە، ساڵەها خەبات دەکەین و قوربانی دەدەین لەپێناو شکانەوەی ئەم ئاڵایە.

لە هەموو سەردەمە جیاوازەکان، لە بەرامبەر رژێمە دیکتاتۆرەکان و داگیرکەران".

وتیشیە"پێشمەرگە بە خوێن بەرگری کردووە لە خاک و ئاڵای پیرۆزی کوردستان، هەزاران شەهیدمان داوە لەم پێناوەو خەبات بەردەوامە لە پێناو خاک و شکانەوەی ئەم ئاڵا پیرۆزە.

رایشگەیاند"ئەمڕۆ، دەرفەتێکی زێڕین هاتۆتە پێش بە دانیشتوانی کەرکووک و خانەقین، شەنگال و دوزو سەرجەم ناوچە کوردستانییەکان، بە چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان ڕەحمی شەهیدان شاد بکەن و ئاڵای کوردستان بشکێننەوەو کوردستانی بوونی کەرکووک دووپات بکەنەوە.

کەسرەت رەسوڵ وتیشیە"لەم رێژە پیرۆزدا، هەموومان دەست لەسەر سینگ بەرامبەر گەکی سەربەرزی شەهیدان و لەپێناو هەمیشە شکانەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان خەبات دەکەین تا دواسات بە گیشتن بە

ئاوات و ئامانجکانمان".